# وردە قسە *

**دەشتی سەباح**



ئەمڕۆش وامزانی ژیان گۆڕاوە

بێ پەروا

لەبێتاقەتیو وەرسبوونی دایکم

لەدرەنگ هاتنەوەی من لەوێستگەکانی سەرخۆشی

خۆم خستە ناو لەپی دەستەکانی

ماچم کردن

بەڵام کە بەیانی هەڵسام زانیم

من دەمێکە بەسەرخۆشی، خوام لە (.........) نەماوە

*　　　*　　　*

زۆر ئەستەمە بتوانم بە تۆ بسەلمێنم

من کوڕێکی گوێڕایەڵی تۆم .. دایکە

زۆر ئەستەمە بتوانم بەتۆ بسەلمێنم

من دەمێکە کوڕێکی سپڵەم



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەرامبەر بە قسەکانی تۆ .. باوکە

*            *            *

من هەمیشە کەسەکانی خێزانەکەی خۆم

هاوڕێکانم

هاوسێکانی خۆم

کۆڵانو

شەقامو

شارەکەی خۆم خۆشویستووە

بەڵام ئەوان هەمیشە

نەفرەتیان لێکردووم

*            *            *

دەبێ  ئەمشەویش

وەکو تێکڕای شەوانی دیکە

ڕۆژ بکەمەوە

بەڵام ئەمجارەیان ڕۆژم کردە قوربانی

بەیانییەکی دیکە

*            *            *

من حەزم لە تەنهاییە

چونکە

تەنهایی

بەشێکی دیکەیە لەگێڕانەوەی ئەو حیکایەتانەی

کە کەس تاقەتی گوێ لێگرتنی نییە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

*           *           *

ئەمشەویش

قوربانی تۆ بێ

کە

نە دەتناسم و نەشێوەشتم دیوە

*           *           *

کاتێك زۆر بێتاقەت دەبم

لەدالغە

یان جگەرەیەك دەکێشم

یانیش دەچم

دەستپەڕێك لێدەدەم

*           *           *

لێرە من هیچ فەلسەفەیەکم نییە بۆ بیرکردنەوە

هیچ ژوورێکیشم نییە بۆ خەوتن

هیچ ئازادییەکیشم نییە بۆ پیاسە

بەلاّم زۆرجار هەست دەکەم

یان پێویستە بیر بکەمەوە

یان بخەوم

یانیش پیاسەیەك بکەم

*           *           *

زۆر بێتاقەتم لەسەر چات

نەکەس هەیە پێم بلّێ ئەو کاتەت باش



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نه كەس هەیە پێم بڵێ
كاتم نییە بۆ قسە كردن
*         *         *

دەمەوێت جگەرەیەكی دیكەش داگیرسێنم
بەڵام كێشەی من ئەوەیە
دوای تەواو بوونی ئەو جگەرەیەش
دەبێ جگەرەیەكی دیكە داگیرسێنم
*         *         *

سبەی جانتایەكی جوانتر دەكڕم
بۆ ئەوەی
جوانتر نیشتیمان جێ بهێڵم
*         *         *

زۆر جار هەست دەكەم خوشكەكانم بێزار دەكەم
بە هێنانی تەپڵەیەك جگەرەو
جامێك ئاوی سارد
بەس دەزانم ئەوانیش
دڵیان پڕە لەقسەو
حەزیان پڕە لەهەڵفرین
.................
....................

* وردە قسەكان تەواو نابن

هەولێر
**2006/8/15**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com